# خوێندنەوەی کوردی

## بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی



هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# خوێندنەوەی کوردی

## بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی

وەرگێڕانی

د. نسرین فخری
شکور مصطفی عبدالله
د. کامل حسن عزیز بصیر
ابو زید مصطفی سنری
سعید حسن محمد ناکام

چاپی (الطبعة) ١٦

ئەم پەڕتووکە پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کراوە
**لە لایەن**
ئەنستیتووی کورد لە پاریس و فۆنداسیۆنی فەڕەنسا- ئازادی

خوێندکاری خۆشەویست !
ئەم پەڕتووکە پێشکەش بە تۆ کراوە ، لەلایەن **ئەنستیتووی کورد لە پاریس**
**فۆنداسیۆنی دانییل میتران و جووڵانەوەی کرێکارانەی ئەورووپی .**

Imprimé en France

*Don de la Fondation France-Libertés,*
*de l'Institut Kurde de Paris*
*et du Norwegian Labour Movement*

# لە سەرەتــای ساڵەوە



براکانم ! خوشکەکانم !
هاوڕێ خۆشەویستەکانم !
دەرگای مەکتەب کرایەوە
پشووی هاوین بڕایەوە
جا نۆرەی قوتابخانەیە
کە بۆ زانین هێلانەیە
بە یەکتر شاد ئەبینەوە
ڕێگای خوێندن ئەگرینەوە

کاکەی فەللاح ـ دیوانی (چرۆ)

## لێکدانەوەی ووشـەکان :

هاوڕێ : هەڤڕێ

پشوو : بهێنڤەدان ، حەسانەوە

## پرسیارو وەڵام

١ ـ چۆن پشووی هاوینت بردەسەر ؟
٢ ـ کوێ بۆ زانین هێلانەیە ؟

## ڕاهێنـــان

١ ـ بۆ وانەی داهاتوو باسێك دەربارەی قوتابی‌یـەکی زیر ئامادە بکە .
٢ ـ ئەم بۆشایی‌یانە پڕ بکەرەوە :
براکانم .....
خوشکە ....
خوشەویستە .....
هاوڕێ .....
چاوە ......

# ڕەوشتی باش



سیروان خوشکێکی بچووکی هەبوو ناوی ( ڤیان ) بوو • ڕۆژێك سیروان لە خوشکە بچووکەکەی خۆی پرسی :


« ڤیان کە دەچیت بۆ قوتابخانە بە کوێدا دەڕۆیت ؟ »

ڤیان گوتی :

« بەسەر لێوی ڕێگادا دەڕۆم »

سیروان : « ڤیان ئەگەر ویستت لەم بەری شەقامەکە بچیتە ئەوبەری شەقامەکە چی دەکەیت ؟ » •

ڤیان : « ئەگەر بمەوێت لە شەقام دەرباز بم ، بە لای ڕاستو چەپمدا دەنۆڕم • ئەگەر دیتم ئۆتۆمۆبیلێك



دێت ، لە لایەکی ڕێگاکە ڕادەوەستم تا ڕادەبورێت ئینجا دەپەڕمەوە » .

سیروان : « ڤیان لە قوتابخانە چی فێر دەبیت ؟ » .

ڤیان : « فێری خوێندنەوەو نووسینو ژمارەو گەلێك وانەی‌دی دەبم » .

سیروان « لە کاتی پشوودا چی دەکەیت ؟ » .

ڤیان : « لە پشوودا دەچمە مەیدانی قوتابخانەو لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا گەمە دەکەم ، وە ئازار بە کەس ناگەیەنم » .

سیروان :«پێم بڵێ ئەگەر قەڵەم یا شتێکی‌ترت لە مەیدان دیتەوە چی لێ‌دەکەیت » .

ڤیان: «ئەگەر قەڵەم یان شتێکی دیم دیتەوە بە شوێن خاوەنەکەیدا دەگەڕێمو دەیدەمەوە. ئەگەر نەم زانی هی کێیە دەیدەمە دەستی مامۆستاکەم».

## لێکدانەوەی ووشەکان:

خاوەن: خودان
ڕادەبورێت: تێدەپەڕێت
شەقام: جاددە، شاڕێ
هەڤاڵ: برادەر، ئاوەڵ
گەمە: یاری، وازی
دیتیەوە: دۆزی‌یەوە
ڕەوشت: خوو

## پرسیار

١ ـ سیروان خوشکێکی بچووکی هەبوو، ناوی چی بوو؟
٢ ـ ڤیان بە کوێدا دەڕۆیی کە دەچووە قوتابخانە؟
٣ ـ ڤیان لە قوتابخانە چی فێر دەبێت؟
٤ ـ ڤیان لەکاتی ووچاندا چی دەکات؟
٥ ـ ڤیان ئەگەر قەڵەمێکی لە مەیدانی قوتابخانەدا دۆزی‌یەوە چی لێ دەکات؟


# چۆلەکەو مام ڕێوی



چۆلەکەیەکی جوانکیلە لە دارستانێکدا بۆ دان دەگەڕا ، لە ناکاو ڕێوی یەکی لێ پەیدا بوو پەلاماری داو گرتی ٠

چۆلەکەی بەسەزمان لە بەردەستی مام ڕێوی تەڵەکەبازدا وەکو بێ‌ناو ئاو دەلەرزی ٠ مام ڕێوی بە فیزێکەوە لە چۆلەکەی پرسی : ئەرێ پێم ناڵێیت تۆی بێدەستەڵات بۆچی دڵ خۆش‌و بەختیاریت ؟ بە ڕاستی سەیرە ٠٠٠٠ من بەم‌هەموو هێزو توانایەمەوە هەمیشە دڵ‌تەنگم ، کەچی چۆلەکەیەکی لاوازی وەك تۆ هەردەمە لە ئاوازێك لێ‌دەدەیت‌و ئەم چڵ‌و ئەو چڵ دەکەیت ٠

چۆلەکەی بەسەزمان بە ترس‌و لەرزەوە گوتی : مام ڕێوی ئەگەر دەتەوێت هۆی بەختیاریم بزانی بەرەم بدە با بفڕمە سەر یەکێك لەو چڵانە ، ئینجا گوێم لێ ڕاگرە نهێنی خۆمت لێ ئاشکرا دەکەم ٠ جا ئەگەر گوێ لە نهێنی‌یەکەم بگریت لەوە چاکتر نی‌یە سیسەڵەیەکی وەکو من بخۆی ؟



مام ڕێوی هەندێك بیری کردەوەو ئینجا چۆلەکەی بەرەڵلاکرد · چۆلـەکەکە فڕی یە سـەر دارێکی بڵنـدو تۆزێك حەسایەوە ، گوتی ئەی مام ڕێوی من سـەرەڕای بێدەسەلاتیم هەمیشە دڵخۆش‌و بەختیارم چـونکە هیچ بیر لـە ئازاردانی کـەسانی‌تر ناکـەمـەوەو زۆرداریم بە خەیالدا نایەت · بەلام تـۆی فێلبـاز بـە ئازاردانی بێدەسنەلاتـانەوە خـەریکیت‌و هـەر بیر لـە زۆرداری دەکەیتەوە ، لەبەرئەوە هەموو کاتێك لە غەم‌و پەژارەدا دەژیت‌و دوژمنت زۆرە ·

## لێکدانەوەی ووشەکان :

چۆلەکە : چویچك ، مەلیچك ، کێشکە

پشکنی : لدیڤ دگەڕا

لەناکاو : ژنشکاڤ

پەلاماری دەدات : خۆە ئاڤێتێ

بەفیزێکەوە : یە لەخۆبایی بوونەوە

هەمیشە :هەرگاڤ

چڵ : تای داری ، لق

نهێنی : نەپەنی

سیسەڵەیەکی : ژارەکی

پەژارە : خەم

## پرسیار

١ ــ بۆچی مام ڕێوی پەلاماری چۆلەکەکەی دا ؟

٢ ــ ڕێوی بە چی بەناوبانگە ؟

٣ ــ نهێنیی چۆلەکەکە چی بوو ؟

# ڕاهێنـــان

(١)

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە بەم وشانە پڕ بکەوە :
(هیچ • هەمیشە • خەیاڵمدا • ســەرەڕای • زۆرداری )
ئەی مام ڕێــوی من ••• بێدەســەلاتیم ••• دڵ خۆش و بەختیارم، چونکە ••• بیر لــە ئازاردانی ••••• کەس ناکەمەوەو زۆرداری بە •••• نایەت •

(٢)

آ ــ کرد

ب ــ کردووە

تۆش ئەم وشانەی خوارەوە ،وەك وێنەی (ب) لێ بکە:

گرت


بـــرد

نوست

خواست

ناشت

# لەشی ساغی



مامۆستا لە قوتابی یەکانی پرسی :
— ئەوەی یاریدەی لەشی ساغیمان دەدات چی یە ؟
یەك لە قوتابی یەکان گوتی :
— هەتاو
یەکێکی تر گوتی :
— هەوای پاك و خاوێن .
قوتابی یەکی دی گوتی :
— ئاو .
مامۆستا گوتی :
— ئەمانە هەموو ڕاستن ، بەڵام گەلێ شتی تری باشی هەن .

ــددان شوشتن‌و پاكو خاوێنی ٠٠ زوو نووستن‌و زوو لە خەوهەســتان ٠٠ خــۆ لە نەخۆشی پاراســتن ٠ ئەمانەیشس زۆر پێویستن ٠



## پرســیار

١ ــ پرسیاری مامۆستاكە لە قوتابی‌یەكانی چی‌بوو ؟
٢ ــ قوتابی‌یەكان هەریەكە لە وەڵامدا چی‌یان گوت ؟
٣ ــ مامۆستاكە چی‌تری بۆ لەشس‌ساغی بە باشس زانی ؟

# ڕاهێنـــان

١ ـ وانەکە بە ووردی بخوێنەوەو ئـەم بۆشـایی یانەی خوارەوە پڕ بـکەوە :

ماموستا پرسی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ قوتابی یـەك گـوتی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ کامەتان زیرەکن شـتێکی تریشم بـۆ بڵێن ؟

یەکێ لە قوتابی یەکان گوتی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ئەوەی تریان گوتی ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰

ماموستا گوتی ئەمانە راستن بەڵام ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ وەکو ۰ ۰ ۰ ۰ خۆ ۰ ۰ ۰ زوو

٢ ـ ئـەم بـۆشـایی یـانە پڕ بـکـەرەوە :

أ ـ ددان شوشتن ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰

ب ـ دەست ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰

ح ـ جـل ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰

د ـ خـۆ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰ ۰



## تۆپ تۆپێن

ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە
منَ دێم لە دەستم ڕامەکە
تۆ تۆپی یاری کردنی
وەك کوولەکەی ڕۆحی منی
وەختێ کە چوویتە ئاسمان
بانگ‌کە لەگەڵ من یەك زوبان
خۆش‌بێ وەتەن خۆش‌بێ وەتەن
بەرزبێ وەتەن بە عیلمو فەن

# مۆسیقا

دنگ دنگ عودم بۆ لێ دە
بەرگی خەفەت فڕێ دە
وردورد وەرە هەڵپەڕین
وەکو پەپوولە بفڕین
چەپ چەپ چەپڵەڕێزانە
جەژنە جەژنی کوردانە
وەکو من بە هەروەها
پێبکەنە هاها



# بولبول و تاوس

بولبولێک لەنێو باڵندەکانی دارستانەکەیدا، هەر هاوەڵی ناڕەسەن و بەخیلی دەبوو بەتووشەوە. بیری کردەوە:

- با هەوڵ بدەم بەڵکو لەنێو ئاژەڵی تردا هاوەڵێک بدۆزمەوە.

ئینجا لە دارستانەکە پەڕییە دەرەوە و فڕی. فڕی هەتا تاوسێکی دۆزییەوە. بولبول چووە بەردەمی تاوس و پێی گوت:

- تاوسی جوان، من سەرم لە جوانیی تۆ سوڕدەمێنێ!

تاوسەکە وەڵامی دایەوە:

- ئەزیش سەرم لە تۆ سوڕ دەمێنێ، دەنگ خۆشی خۆشەویست.

بولبول گوتی:

- کەواتە با ببینە هاوەڵ ......

درێژەی پێدا و گوتی:

- پێویست ناکات بەخیلی بەیەک ببەین. بینینی تۆ جێی خۆشییە بۆ من، دەنگی ئەزیش هەروەها.

بەم جۆرە بولبول و تاوس بوونە هاوەڵی یەکدی.

# خێزانەکەم

خێزانەکەم لە خۆم و باپیرو داپیرو دایكو باوكو براو خوشکم پێك هاتووەو من بچووکترین ئەندامی ئەم کۆمەڵە خۆشەویستەم •



خێزانەکەم گەلێك شادو دڵ خۆشە چونکە هەموومان یەکترمان خۆش دەوێت و بەتەبایی دەژین •

باپیرم باوکمی بە خوێندەواری پێگەیاندو لە قوتابخانەدا فێری کرد • کە گەورە بوو و توانی کار بکات بەخێو کردنی خێزانی گرتە ئەستۆی خۆی و باوکی

حەساندەوەو لـە خەبات و ئیش و مانـدوو بوون ڕزگاری کـرد ۰

باوکم باپیرمی زۆر خۆش دەوێت و ڕێزی دەگرێت ۰ بەیانیان هەتا دەستی ئەوو داپیرە ماچ نەکات لـە مـاڵ نـاچێتە دەرێ ۰ هەروەها زۆر بـە نـەرمی و لەسەر خـۆ لـەگـەڵ دایکمـدا دەجوولـێتەوەو زۆر بـە پـەرۆشی پەروەردەو پێ‌گەیانـدنی ئێمەوەیـە ، بـۆ ئـەوەی لـە پاشەڕۆژدا بۆ خۆمان و بۆ نەتەوەکەمـان سـوودبەخش بین ۰ دایکیشم بە هەموو توانایەوە هەوڵی ڕازی بوون و حەسانەوەی باوکم و باپیرو داپیـرەم دەدات ۰ ئـەرکی پاراستن و پێ‌گەیاندنی ئێمەشی بەسەرەوەیە ۰

خێزانەکەم زۆر بەختەوەرە ، چـونکە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی ئیشـی خـۆی دەزانێت و بـە ڕێکوپێکی دەی باتە سەر ۰ بچووك ڕێزی گەورە دەگرێت ۰ گەورەش یارمەتی‌ی بچووك دەدات ۰ هیوادارم هەمـوو خێزانێـك وەك ئێمە وابێت ۰

## لێکدانەوەی ووشـەکان :

١ ـ دەجوولێتەوە : دەبزڤیت ۰

٢ ـ باڵ : چەنگ ۰

٣ ـ ئەندام : عضو ·
٤ ـ توانی : شیا ، کاری ·
٥ ـ ڕێزگرتن : قەدرگرتن ·

## پرسـیار

١ ـ خێزان بەگشتی لە چی پێك دێت ؟
٢ ـ بۆچی ئەم خێزانە زۆر بەختیار بوو ؟
٣ ـ بۆچی باپیرە کوڕەکەی پەروەردە کرد ؟
٤ ـ باوکەکە چۆن لەگەڵ منداڵەکانیدا دەجووڵایەوە ؟
٥ ـ ئایا باپیرە ئەمڕۆ کار دەکات ؟
٦ ـ کێ لە جێگەی باپیرە ئیش دەکات ؟
٧ ـ دایکەکـە چـۆن لـەگـەڵ مێـردو منـداڵـەکانی دەجووڵایەوە ؟

## ڕاهێنـان

یەکەم ـ پرسیار بۆ ئەم وەڵامانە دابنێ :

١ ـ باوکم خۆش دەوێت چونکە بەدرێژایی ڕۆژ بۆ ئێمە هەوڵ دەدات ·

· · · · · · · ·

٢ ـ دایکم هەموو کاروبارێکی ماڵەوە جێبەجێ دەکـات

· · · · · · · · ·

٣ ـ من باپیرم خۆش دەوێتو ڕێزی لێدەگرمو هەرچی بوێت بۆی دەکەم ٠

٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

دووەم ـ ئەم بۆشـاییيانەی خوارەوە بەم ووشانـە پڕبکەوە :


( کار دەکات ٠ داپیرەم ٠ماڵەوە ٠ باوکم ٠یاریدەی٠ ڕێز ٠ بازاڕ )٠

١ ـ خێزانەکەم لە باپیرو ٠٠٠و ٠٠٠ و دایکمو خوشكو براکانم پێکهاتووە ٠

٢ ـ دایکم بـە درێـژایی ڕۆژ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ باوکـم دەدات ٠


٣ ـ ئێمە یەکتریمـان زۆر خـۆش دەوێت گـەورەمان ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ بچووك دەداتو ، بچووکمان ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ لە گەورە دەگرێت ٠

# پیتی چاپ



زانایەکی ئەڵمانی کە ناوی گۆتەنبەرگ بوو، ڕۆژێك بۆ سەیران چووبووە ناو دارستانێك، لە گەڕانەوەدا ویستی دیارییەك لەو دارستانەوە بۆ منداڵەکانی بەرێتەوە • هێنای بە چەقۆ لە توێکڵی دار شێوەی چەند پیتێکی تاشی‌و لە پارچە کاغەزێکی‌یەوە پێچاو خستی‌یە گیرفانی‌یەوە •

کاتێ گۆتەنبەرگ گەیشتەوە ماڵ‌و منداڵەکانی لێ‌ی کۆبوونەوە بزانن چی بۆ هێناون، پارچە کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێناو کردی‌یەوە کە پیتەکانی پیشانی



منداڵەکان بدات ، دیتی کە قاقەزەکـە ناوی تـوێکلە دارەکەی هەڵمژیوەو وێنەی پیتەکانی لەسەر دەرچووە •

گـۆتەنبەرگ لـەم ڕووداوە سـەیرە زۆر سـەری سوڕماو کەوتە بیرکردنەوە • پاشان بڕیاریدا کە لـەم دۆزینەوەیە سوود وەربگرێتو لەدوای ماوەیـەك توانی پیتی چاپکردن دروست بکات •

ئەو دۆزینەوەیـەی گـۆتەنبـەرگ دەرگـای بـڵاو بوونەوەی کتێبی بەڕووی خەڵکی دنیادا کردەوەو مرۆڤی لە نەزانینو نەخوێندەواری ڕزگار کرد •

## لێکدانەوەی ووشــەکان :

پیت : حرف .
بەرەو پیری هاتن : پێشڤە هاتن .
ڕۆلە : بچویك .
گیرفان : بەریك .
سوود : قازانج .
ڕزگار کرد : قورتارکر .
گەڕانەوە : زڤرینەڤە .
سەریسوڕما : مەندەهۆش .
ویستی : دڤیـا .
مندال : زارۆ ، بچووك .

## پرسیار

١ ـ گۆتەنبەرگ لە توێکلی دار شـێوەی چی تاشی ؟
٢ ـ کاغەزەکە ناوی چی هەلمژی بوو ؟
٣ ـ گۆتەنبەرگ بۆ کوێ بۆ سەیران چوو ؟
٤ ـ ئەو کارەی گۆتەنبەرگ دنیای لەچی ڕزگارکرد ؟

# باسوق‌و سجوق

ئاسکۆل گەلێك حەز لە شیرینی دەکات ، بەتایبەتی باسوقی زۆر پێ خۆشە ، بۆیە باوکی هەموو ئێوارەی رۆژانی هەینی پاکەتێك باسوقی ئارداوی بۆ دەکڕی.



رۆژێك بانگی کرد « ئاسکۆل ، وەرە شتێکی خۆشم بۆ هێناوی » . کاتێ ئاسکۆل هاتە پێشەوە ، باوکی ڕستەیەك سجوقی دایە ، کە دانەکانی بە بەنێکەوە

کرابوو و ناوەکەی دەنکە بادامو کاکلە گوێزی تێدابوو ٠ ئاسکۆڵ گوتی بابە تۆ گوتت باسوق لە ترێ دروست دەکرێت ٠ ئایا سجوقیش هەر لە ترێ دروست دەکرێت؟

باوکی گوتی بەڵێ کیژم ،سرکەو خۆشاوشەربەتو مێوژو دۆشاوو باسوقو سجوق هەمووی لە ترێ دروست دەکرێت ٠ دانیشە با پێت بڵێم چۆنی دەکەن : هێشووی ترێ لە خۆڵەمێشێکی پاڵاوتە هەڵدەکێشنو لەسەر مەوجێکی پاك هەڵیدەخەن هەتا وشك دەبێتەوە ، ئەوە دەبێتە مێوژ ٠

ترێ لە تەشتی گەورەدا دەفلیقێننەوە ، لەدوای گوشینو پاڵاوتن بەمەنجەڵی گەورە دەیکوڵێنن هەتا خەست دەبێتەوە ٠ جا لەسەر ئاگر دایدەگرن هەتا سارد دەبێتەوەو دەبێت بە دۆشاو ٠

دۆشاو دەکوڵێننو کەمکەم نیشاستەی تێکەڵاو دەکەنو باش تێکیدەدەن هەتا دەبێتە پەلوولە ، جا دایدەگرنو لەسەر شتێکی پاك پانی دەکەنەوە ٠ کە سارد بووەوە پارچە پارچە دەی برن وپێیدەڵێن باسوق٠

ئەگەر بیانەوێت سجوق دروست بکەن ، دەنکە بادامو کاکلە گوێز بە پەتەوە دەکەنو لەو پەلوولەیەی هەڵدەکێشن کە بۆ باسوق ئامادە کراوە ، پاشان پەتەکە هەڵدەواسن هەتا وشك دەبێتەوە ٠

## لێکدانەوەی ووشـەکان :

خاوو خێزان : ماڵو منداڵ ٠
خۆلەمێشێکی پاڵاوتـە : ڕزك « ڕامـازی لنـاڤ ئاڤاگەرم » ٠
مەوج : مەرش ٠
تەشت : تەست ٠
دەفلیقێنن : زرڤچینین ٠
لینج : لیق ٠
بادام : باهیڤ ٠

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

## ڕاهێنان

ئەم بۆشایی‌یانەی خوارەوە پڕبکەوە :

٠ ٠ ٠ ٠ لە تەشتی ٠ ٠ ٠ ٠ دەفلیقێننەوە ، لـەدوای گڤاشتن‌و ٠ ٠ ٠ ٠ بە مەنجـەڵی گـەورە ٠ ٠ ٠ ٠ هەتـا خەست دەبێتەوە ، جا لەسـەر ٠ ٠ ٠ ٠ دای‌دەگرن هـەتا سارد دەبێتەوە و دەبێت بە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

## پرسیار

١ ـ داری ترێ چی پێ دەڵێن ؟
٢ ـ ڕەز هەیەو باخچە هەیە ، کامیان تایبەتی‌یە بە مێوو کامیان تایبەتی‌یە بە دارسێو ؟
٣ ـ لە وولاتی پێشکەوتوودا ئایـا وەکـو لای ئێمە بـە دەسـتو پێ ترێیەکە دەفلیقێننەوەو دەیگوشـن ؟ یان بە ئامێرو مەکینەی تایبـەتی ؟ جا کـام ڕێگەیان باشترە ؟ بۆچی ؟

# هـەرەوەز

« بێ‌کەس »



کوڕێ بوو ناوی دارا بوو
ووریاو زیرەکو دانا بوو
هەرچی کەوتە بەر چاوانی
ئەچووە بنجو بناوانی
ڕۆژێ ئەوا دیقەتی کرد
تەنیا مێروولەیەکی وورد
لە دەنکە گەنمێ ئالاوە
زۆر بە دەستیەوە داماوە
چەندی ئەکرد بۆی نەئەبرا

هێزو قووەتی لێ بڕا
ئەمجا ماندوو بوو ، لێیدا ڕۆی
هی تری هێنا لەگەڵ خۆی
چوونە سەری‌و کاتێ زانی
گەنمیان برد بە ئاسانی
دارا لەمە عیبرەتی گرت
پەندێکی باشی لێ وەرگرت
ووتی هەر کارێ گرانە
بە هەرەوەزی ئاسانە

## لێکدانەوەی ووشەکان

| | |
|---|---|
| دیقەتی کرد | : لێی وورد بووەوە |
| ئەچووە بنجو بناوانی | : لێی دەکۆڵییەوە |
| لێی ئالاوە | : خەریکیەتی |
| بۆی نەئەبرا | : نەیدەتوانی بیبات |

## پرسیار

١ ـ دارا رۆژێك چەند مێرووولەی دیت ؟
٢ ـ مێرووولەکە گەورە بوو یان بچووك بوو ؟
٣ ـ کە مێرووولەکە زانی دەنکە گەنمەکـــەی بۆنابرێ چی کرد ؟
٤ ـ لە دواییدا (دارا) چی گوت ؟

## راهێنان

بەکورتی ئەو چیرۆکە بگێڕەوە کە شیعرەکەی لەســەر هەڵبەستراوە ٠

# بووکە بە بارانە

هەر ساڵێك باران دووا بکەوێتو وەختی بارانو پەڵە بەسەر بچێت لەناو کوردەواریدا ، بووکە بە بارانێ دەکرێت •

بووکە بە بارانێ ئەوەیە کە منداڵان دارێکی درێژ



دێنن‌و دەست‌و سەری لە دار بۆ دەکەن • پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگی پێوە دەئالێنن‌و هەلی دەگرن‌و بە مالاندا دەی‌سوورێننەوە • کە چوونە بەردەمی هەر مالێك کابانی ئەو مالە لەسەرەوە کوندەیەك یان گۆزەیەك ئاو بەسەر بووکە بەبارانەکەدا دەکات‌و شتێکیش لە پارەو گوێزو مێوژو گەنم‌و جۆ بە مندالەکان دەدات پاشان دەرزی‌یەکیش لە بووکە بە بارانەکە دەدات بە هیوای ئەوەی داخوازی خەلکەکە بێتە جێ‌و باران ببارێت • ئەم مندالانە گەڕەك بە گەڕەك‌و مال بەمال دەگەڕێن • بووکە بە بارانەکە بەتەواوی لە ناو عەلدەکێشرێت • خەلکەکە بە دەم گەڕان‌و لێدانی دەرگای مالەکانەوە ئەم بەستانە دەلێن :

بووکە بە بارانێ ئاوی بن دەغلانێ
سەعاتی جارانێ
هەیاران‌و مەیاران یاخوا دەکاتە باران
بۆفەقیرو هەژاران

## لێکدانەوەی ووشەکان :

واتە : یعنی
هیوا : هێڤی
داخوازی : ئاوات
گەڕەك : تاخ
دەلێن : دبێژن

## پرسیار

١ ــ بووکه به بارانه چی‌یه ؟
٢ ــ له چ کاتێکدا بووکه به بارانه ده‌کرێت ؟
٣ ــ که منداڵان چونه به‌رده‌رگای هــه‌ر ماڵێــك کابانی ماڵ چی ده‌کات ؟
٤ ــ منداڵان چ به‌ستــه‌یێك به‌ســه‌ر بووکه‌به‌بارانه‌دا هه‌ڵده‌ده‌ن ؟
٥ ــ ئه‌گه‌ر باران له کوردستان نه‌بارێت چه. ده‌بێت ؟

## ڕاهێنــان

آ ــ ماڵان
ب ــ به‌ماڵاندا ، به‌ماڵانه‌وه
تۆش ئه‌م ووشانه‌ی خواره‌وه وه‌ك وێنه‌ی ( ب ) لێ بکه :

شاران
داران
گوڵان
منداڵان

# هێـز لـە یـەکێتی دایـە



«برا لە پشت برابێت ، مەگەر قەزا لەلای خودابێت»

هەبوو نەبوو ، کابرایەك هەبوو حەوت کوڕی هـەبوو ٠ ئەم کوڕانە لەبەر ئەوەی لەگـەڵ یـەك ناکۆك بوون‌و بە هیچ ڕەنگێك دانوویـان بەیەکەوە نەدەکوڵا ، بـاوکیان بێزار کردبوو ٠ باوکـە هەرچـەندی دەکـردو دەکۆشا یەکیان بخات ، سوودی نەبوو ٠٠

ئەم باوکە بیری هێناو بیری بـرد تـا ڕێـگایـەکی

دیتەوە • هێنای حەوت ـ دارتیری ـ بەست بەبەکەوە •
پاشان هەر حەوت کوڕەکەی بانگ‌کردو پێی گوتن :
بزانم کامتان ئازایەو دەتوانێت ئەم دەستە شوولـە
بشکێنێت خەڵاتێکی باشی دەکەم ••

هەر حەوتیان یەك بە یەك تاقی‌یان کردەوە ،
نەیانتوانی دەستە شوولەکە لاریش بکەنەوە •

پاشان باوکە هات دەستە شوولەکەی کردەوەو یەك
یەك دایە دەستیان ، هەموو بە ئاسانی شکاندیان •



باوکە تەماشای کردنو گوتی :

ـ بزانن ئەگەر هــەر حەوتتان بەیەکەوە بنو پشتی یەك بگرن وەك ئەم حەوت شــوولە وان ، کــەس پێتــان ناوێرێت . بەڵام ئەگەر بەم جۆرەی ئێستا بــە تاکەتاکە بمێننەوە، با ئازاو بەهێزیش بن زۆر بەئاسانی دەشکێنو دوژمن لە ناوتان دەبات . ئیتر هەر ئەوەندەتان پێدەڵێم کە ئەگەر برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لەلای خــودا بێت .

کوڕەکان ئەم گوتنەی باوکیان زۆر بەدڵدا چــوو . بەڵێنیان دایە پشتی یەك بگرنو ناکۆکیو دووبــەرەکی بخەنەلاوە .

## لێکدانەوەی ووشەکــان :

ناکۆك : پێك نەکردن

کامتان : کیژوە

بجوولێنن : بلقینن

لەکۆتاییدا : دوماهیدا

گوتن : قسە

ڤەکر : کردیەوە


شوول : شڤك

# پرسیار

١ ــ ئایا حەوت برایەکە لەگەڵ یەك ڕێك بوون یان ناكۆك؟
٢ ــ باوكیان تێدەكۆشا چی بكات ؟
٣ ــ كامیان شكاندنی ئاسانترە ، شوولێك بە تەنیا یان حەوت شووڵ بەیەكەوە ؟
٤ ــ ئایا بۆ كۆمەڵی ئێمە یارمەتیو هاوكاریو یەكێتی باشە یان خۆپەرستیو بەرەڵلاییو یەكتەنی ؟
٥ ــ ئایا لە دوایییدا كوڕەكان گوتنی باوكیان بەدڵداچوو؟ چ بەڵێنێكیان بە باوكیاندا ؟
٦ ــ كوڕ ، كوڕەكە ، كوڕەكان .
٧ ــ تۆش ئەم ووشانەی خوارەوە وەك وێنەی ( ٦ ) لێ بكە :

باووك ، ، .
شووڵ ، ، .
كۆمەڵ ، ، .
بووك ، ، .

# کۆترو مێروولە



جارێکیان کۆترێك بۆ ئاوخواردنەوە لەسەر کەناری ڕووبارێك ڕادەوەستێت • چاوی بە مێروولەیەك دەکەوێت کەوتۆتە ناوڕووبارەکەوە ، نێزیکە بخنکێت • کۆترەکە دلی بە مێروولە هەژارەکە سووتاو چیلکە دارێکی بۆ هاویشت تا خۆی پێوەبگرێتەوە • مێروولەکە سواری چیلکە دارەکە بوو ، لە خنکان ڕزگاری بوو • زۆر سوپاسی کۆترەکەی کرد •

پاش وەختێکی کەم کۆترەکە بۆ سەر دارێکی نزیك



ڕووبارەکە هەڵفڕی، ڕاوکەرێك چاوی پێ کەوت و ویستی ڕاوی بکـــات .

مێرووولەکە دیتی ڕاوکەرەکە دەیەوێت کۆترەکە ڕاو بکات ، لە دڵی خۆی‌دا گوتی : پێویستە ئەو کۆترەکە منی لە خنکاندن ڕزگارکرد منیش ئەو ڕزگار بکەم . پاشـــان مێرووولەکە خێرا خـــۆی گەیـــاندە ڕاوکەرەکەو توند لاقی گەست . ڕاوکەرەکە ئاوڕی‌دایەوەو ئاگای لە کۆتر نەما . لەو کاتەدا کۆترەکە فڕی و لە پاداشی ئەو باشی‌یەدا کە لەگەڵ مێرووولەکەدا کردبووی لە مردن ڕزگاری بوو .

## لێکدانەوەی ووشەکان :

کەنار : ڕۆخ ، قەراخ
ڕووبار : زێ
پێدڤێت : پێویستە ، گەرەکە ، دەبێت
باشیی : چاکیی
لەوکاتەدا : لوی‌چاخی‌دا
خێرا : بەلەز

## پرسیار

١ ــ کۆترەکە لە ڕووبارەکەدا چی‌دیت ؟
کۆترەکە لە ڕووبارەکەدا ...... دیت وەخت‌بوو بخنکێت .
٢ ــ کۆترەکە چی بۆ مێروولەکە کرد ؟
کۆترەکە ...... دارێکی بۆ مێروولەکە هاویشت بۆ ئەوەی پێ‌ی‌دا هەڵبگەڕێت .
٣ ــ مێروولەکە چی کرد ؟
مێروولەکە سواری ...... دارەکە بوو لە خنکان ڕزگاری بوو .
٤ ــ کێ کۆترەکەی دیت ؟
....... کۆترەکەی دیت‌و ویستی ڕاوی بکات .
٥ ــ مێروولەکە لە دڵی خۆی‌دا چی‌ی ووت ؟
کوتی : پێویستە من هەوڵ‌بدەم بۆ ...... ئەم کۆترەکە منی لە خنکان ڕزگارکرد .

٦ ـ مێرووله‌كه‌ خۆی گه‌یانده‌ نێچیره‌وانه‌كه‌و قاچی توند ........

٧ ـ بۆ وانه‌ی داهاتوو هه‌ر قوتابی‌یه‌ك خۆی ئاماده‌ بكات‌و به‌سه‌رهاتی‌یه‌كی جوانمان له‌ ناو پۆلدا بۆ بگێڕێته‌وه‌ .

٨ ـ ئه‌م ووشانه‌ بنووسه‌ره‌وه‌ :

١ ـ مارو مێروو .
٢ ـ دارو به‌رد .
٣ ـ ره‌ش‌و سپی .
٤ ـ گژو گیا .
٥ ـ ژن‌و پیاو .

# دایــــك



منالێکی ساوا بووم
کەی وەك ئێستاکە وابووم
دایکم بەخێوی کـردم
ئەو نەبوایە ئەمـردم
بــە لای‌لایەو گۆرانی
ڕای ژەنووم تـا بەیانی
بە شیری مەمـکەکانی
منی بە بەرهــەم هانی
ڕەنجی لەگەڵ کێشاوم
لــە باوەشیا دانــاوم
بەرگ‌و جلی بۆ شتووم
خزمەتی زۆری کردووم
چاکەی وا لە بەرچاوم
هــەتا لــە دنیا مـاوم
ئــەبێ دڵــی نەشکێنم
ئارەزووی بەجــێ بێنم

فائق بێ‌کەس

## لێکدانەوەی ووشەکـان :

١ ـ سـاوا : ساڤا ، بەرشیر ، شیرەخۆرە ٠

٢ ـ بەخێوی کردم : خودان کرم

٣ ـ ڕای ژەنووم : دەهەژاندم ٠

٤ ـ بـاوەشـ : بەرمل

٥ ـ ئارەزوو : هـەوەس ٠

## پرسـیار

١ ـ بۆچی مندال دایكو باوکی خۆی خۆش دەوێت ؟

٢ ـ دایك بە چی مندالّی خۆی بەخێو دەکات ؛

٣ ـ کێ کاروباری مال بەڕێوە دەبات ؟

٤ ـ ئایا مندال چۆن چاکەی دایكو باوکی دەداتەوە ؟

## ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەوە :

١ ـ دایکم ٠٠٠٠٠٠٠ کردم ٠


٢ ـ ڕەنجی لە گەل ٠٠٠٠٠٠

٣ ـ ٠٠٠٠٠ وجلی بۆ شتووم ٠

٤ ـ چاکەی وا لەبەر ٠٠٠٠٠٠٠

٥ ـ دەبێت ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ نەشکێنم ٠

# دەست پاکی



ڕۆژێك لە ڕۆژان کرێکارێکی هەژار دیواری ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندی دەڕووخاند • لەکاتی کارکردندا توورەکەیەکی پڕ لە زێڕی دۆزی‌یەوە و هەڵی‌گرت ، تا خاوەن ماڵەکە هاتەوە دایەوە دەستی‌و گوتی :

« گەورەم ئەم توورەکەیەم لە کاتی ئیش کردندا دیتەوە » •

پیاوەکە زۆر دڵی پێ خۆش بوو ، پێی گوت :

« لە مێژە ئەوپارەیەم لەژێر ئەم دیوارەدا

شاردبووەوەو جێگەکەیم نەدەدیتەوە ، گەلێك بە دووی دا گەڕام ، بەڵام نەمدۆزی یەوە · نیشانەی ڕاستیی ئاخافتنەکەشم ئەوەیە کە دوو سەد زێڕی تێدایە » ·

ئینجا لە کرێکارەکەی پرسی کە پارەی ناو توورەکەکە بژمێرێت · کە ژماردی دیتی دووسەد زێڕە · بە دڵ خۆشی دایەوە دەست خاوەن ماڵەکە · دەوڵەمەندەکەش لەبەر ڕاستگۆیی و دەست پاکی بیست زێڕی دا بە کرێکارەکە ·



# پرسیار

١ ـ کرێکارەکە لە کوێ ئیشی دەکرد ؟
کرێکارەکە دیواری ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەندی ..
٢ ـ کرێکارەکە چی دیتەوە ؟
. . . . . . یەکی دیتەوە گەلێك . . . . . . زێڕی تێدابوو .
٣ ـ کرێکارەکە چی بە خاوەن ماڵەکە گوت ؟
کرێکارەکە بە خاوەن ماڵەکەی گوت : «گەورەم ئەو . . . . . . لە کاتی ئیش کردندا دۆزی یەوە» .
٤ ـ خاوەن ماڵەکە چی بە کرێکارەکە گوت :
خاوەن ماڵەکە بە کرێکارەکەی گوت : «دەمێکە ئەو . . . . . . پارەیەم لەژێر ئەو دیوارەدا شاردووەتەوە» .
٥ ـ خاوەن ماڵەکە داوای چی لە کرێکارەکە کرد ؟
خاوەن ماڵەکە داوای لە کرێکارەکە کرد کە پارەی ناو توورەکەکە . . . . . .
٦ ـ بۆچی خاوەن ماڵەکە بیست زێڕی دا بە کرێکارەکە ؟
خاوەن ماڵەکە . . . . . ڕاست گۆیی و دەستپاکی بیست زێڕی دا بە کرێکارەکە .

## لێكدانەوەی ووشـەكان :


پیـاو : زەلام .

نیشانە : بەڵگە .

خواست : داواكر .

دەڕووخاند : هەرفاند .

# پـردی دەلال لـە زاخـۆ




لەناو شارە جوانەکانی کوردستانی عیراقدا، شارێك هـەیە ناوی (زاخـۆ) یە ، لە دهۆکەوە (٥٠) کیلۆمەتـر دوورە ٠

زاخـۆ شارێکی زۆر کۆنە کەوتووەتە نـاو دۆڵێکـی بچووکەوە لە کەنار ڕووباری خابووردا ، لە هـەر چـوار لایەوە کۆشكو خانووی جوان دروست کراوە ٠ دیمەنی ڕووبـارو خـانووەکـان لـەگـەڵ دیمەنی بـاخچەو چیا ڕەنگینەکان گەلێك دڵگیرن ٠

ئەم ڕووبارە بەم دیمەنە جوانەیەوە دەڕواتە خوارێ تادەگاتە گوندی (دۆڕ نەخ) کە لەسەر سنووری عیراقو تورکیایە • لەوێندەرێ تێکەڵی ڕووباری (هیزل)دەبێت • پاشان هەردووکیان لەنێزیك گوندی (فیشخابور) لەگەڵ ڕووباری (دیجلە)دا دەبنە یەك •

زاخۆ میوەیەکی چاكو خۆشی هەیە ڕانكو چۆغەی زاخۆ زۆر بەناوبانگە • لە خوریو مەرەز دروست دەکرێت • لە دەورو پشتی نەوت هەیە • دەبێژن گوندی (شەرانش) کە لەوێ نزیکە ڕەژووی بەردی تێدایە • شەرانش کە لەدێیە نێزیکەکانی دەورو پشتی زاخۆیە هاوینەهەوارێکی زۆر فێنكو خۆشە •

زاخۆ گەلێك جێگای مێژوویی تێدا هەیە • لە هەموویان گرنگتر پردی دەلالە کە لە شوێنە مێژوویی یەکانی کوردستانی عیراقە • ئەم پردە لە دەورێکی زۆر کۆنەوە دروست کراوە • مێژووی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مادو ڕۆمانی یەکان •

ئەم پردە لە پێنج تاق پێکهاتووە • درێژایی (١١١) مەترە • پانی یەکەشی لە چوار مەتر زیاترە •

ئەم پردە نیشانەیەکی ئاشکرای شارستانیەتیو توانایيو مەزناهیی بابو باپیرە گەورەکانی ئێمەیە •

# لێكدانەوەی ووشەكـان :

هاوینەهەوار : هاڤینگەهە . كوێستان .
توانایی : ژێهاتن .
ڕانك و چۆغە : شالو شەپك .
خەلووزی بەرد : ڕەژووی بەرد .
گوند : دێ .
مەرەز : كەژ .
مێژوو : تەئریخ . دێروك .

## پـرسیار

١ ـ شاری زاخۆ كەوتووەتە كێندەرێ ؟
٢ ـ پـردی دەلال لەكام شارەو ، لەكام وەخت دروسـت كـراوە ؟
٣ ـ بۆچی زۆر كەس لە هاویندا بۆ زاخۆ دەچن ؟
٤ ـ لە دەوروپشتی زاخۆ چی هەیە ؟
٥ ـ ئەمانە تەواو بكە :

آ ـ ئاسمان . . . . . . .

ب ـ عیراق . . . . . . .

ح ـ دیجلە بەناو . . . . . . .

د ـ پردی دەلال . . . . . . .

# تەلەفۆن



لەپاش تەواوبوونی سالی خوێندن کە ئەنجامی تاقی کردنەوە دەرچوو ، کاژاو لەناو قوتابی یەکانی پۆلەکەیدا بەیەکەم ناسرا • کاك نوری بابی کاژاو بەلێنی دابوویە ئەگەر بە یەکەم دەرچێت سەعاتێکی بە خەلات بۆ بکرێت • بەلام باوکی لە دهۆکەو کاژاو دەنگی نایگاتێ • لەبەر ئەوە زۆر بەدلتەنگی گەڕایەوە مال • دایکی پێی گوت ڕۆلە خەفەت مەخۆ هەر ئێستا بە تەلەفۆن مزگێنیی دەرچوونت بە بابە دەگەیەنم • کاژاو پرسیاری کرد : تەلەفۆن هەر لەناو شاردا قسەی پێ

دەکرێت یادەنگی دەگاتە جێگەی دووریشی؟ دایکی وەلامی دایەوە کە تەلەفۆن دەگاتە هەموو شوێنێکی وولات • ئیشو کاری خەلك ئاسان دەکاتو ڕێگای دوور نزیك دەکاتەوە • جاران تەلەفۆن کەم بوو ، بەلام ئەمڕۆ لە زۆربەی مالەکانی شاردا هەیە • هیوادارین لەدوای چەند سالێکی تر لە هەموو مالەکانی شارو گوندەکانی عیراقو کوردستاندا تەلەفۆن دابندرێت ، چونکو تەلەفۆن ئامێرێکی گرنگەو هەموو کەس ئیشی پێی دەبێت •

پاشان کاژاوو دایکی چوون قسەیان لەگەل باوکی کرد لە دهۆكو مزگێنیی بەیەکەم دەرچوونی کاژاویان دایە •

## لێکدانەوەی ووشەکان :

پۆل : سەف

ئێستا : نها ، نهۆ •

ئەمڕۆ : ئەڤرۆ •

ئەنجام : نەتیجە •

تاقی کردنەوە : ئیمتیحان •

## ڕاهێنـــان

ئەم بۆشایی یانەی خوارەوە پڕبکەوە :

جاران • • • • کەم بوو • • • • • • ئەمڕۆ لە زۆربەی ماڵەکانی • • • • • • هەیە • لەدوای چەند ساڵێکی تر ، لە هەموو • • • • • و گوندەکانی عیراق و • • • • • دابندرێ •

## پرسیار

١ ــ کاژاو لەناو قوتابی یەکانی پۆلەکەیدا بــە چەنــدەم ناسرا ؟

٢ ــ باوکی کاژاو لە کوێندەرێ بوو ؟

٣ ــ تەلەفۆن جاران زۆربوو یا ئێستا ؟

٤ ــ کاژاو لەکوێوە قسەی لەگەڵ بابی کرد ؟

# کولێره



دایکی بارام‌و زارا هەشت نۆ کولێرەی لە تەندوور دەرهێناو بە دزی‌یەوە لەژێر قولینەی سەر کەندووی ئاردەکەدا شاردی‌یەوە • زاراو بارام،ئەملا گەڕان کولێره نەبوو ،ئەولا گەڕان کولێره نەبوو •

زارا دەستی بە پاڕانەوەکردو گوتی :

ــ دایە گیان تو سەری خالم سەرو کولێرەمان بدەیە •

دایکیان گوتی :

ــ با باوکتان لە ئاش بێتەوە •

بارام دەستی بە نووزە نووز کردو گوتی :

(ــ دایــە گیان زۆرم برسی‌یە ٠ هیچ نــەبێت نیو کولێرەمان بــدەیــە ٠)

دایکی گوتی :

« کوڕم هاکا باوکتان گەڕایەوە ٠ ئەو وەختە هەموو پێــکەوە دادەنیشین‌و هــەرکــەســە کولێــرەی خــۆی دەخــوات ٠ بــەڵام ئێستا نە بــاوکتــان لــە مــاڵەو نــە کولێرەکانیش لە ماڵەوەن »

بارام گوتی :

«باشە ئەوە باوکمان لــە ئاشە ، ئەی کولێرەکــان لەکوێن ؟ »

دایکی گوتی :

«بۆ سەردانی گەنمی کێلگەکان چوون »

زارا پرسی :

«جا کولێرە چی گەنمە ؟ »

دایکی گوتی :

«ئەی نازانن کولێرە کیژی خاتو گەنمە ؟ »

بارام گوتی :

«ئەی گەنم کیژی کێیە ؟ »

دایکی گوتی :

«گەنم کچی داپیرە زەوی‌و باپیرە بارانە»
ئەمان لەم قسانەدا بوون باوکیان لە ئاشی گەڕایەوەو هەشت نـۆ کولێرەی زەردی جوانیشی سەریان لەژێـر قوڵینەکەی سـەر کەندووی ئاردەکەوە دەرهێنـاو زاراو بارامیش دایانە قاقای پێ کەنین .



**لێکدانەوەی ووشەکـان :**

کولێرە : سـەوك ، نـان .
قوڵینە : سەبەتە .
کەندووی ئاردەکە : کوارا ئاری .
گەنمی کێلگەکان : گەنمی زەڤی .

# پرسیار

١ ـ دایکی زاراو بارام کولێرەکانی لەکوێ شاردەوە ؟
٢ ـ باوکی زاراو بارام لە کوێ بوو ؟
٣ ـ کولێرە چی گەنمە ؟
٤ ـ زاراو بارام کە باوکیان گەڕایەوە چی‌یان کرد ؟

ھەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# ڕاهێنان

١ ـ ئەم دوو ووشانەی خوارەوە چپان کەمە بۆیان دابنێو لە پاشان بیان خوێنەرەوە :

نان ٠٠٠٠٠ دۆ
فڕۆکە ٠٠٠٠ باڵندە
گەنم ٠٠٠٠ جۆ
باووك ٠٠٠٠ کوڕ
بزن ٠٠٠٠ مەڕ
بەفر ٠٠٠٠ باران

# خـۆر

سەرھـەڵبڕەو بـڕوانە ! بڕوانە ئاسمان ! دەبینی خۆر لە ئێجگار بەرزەوەو لە زۆر دوورەوە دیارە ، یا بڵێی بەرزەو لە ھەمووشت بەرزترە ٠

خۆر چیمان بۆدەکات ؟

گەرمیمان دەداتێ ، ھەموو بەیانی‌یەك کەھەڵدێ بەتیشکی ھـەتـاوەکەی گـەرممان دەکـاتـەوە ٠ ھـاوینانیشس گەرمی‌یەکەی زۆرترو بەتاوتر دەبێتو ھەست بـەگەرما دەکەین‌و ئارەقە بە رووماندا دێتە خوارێ ٠

خـۆر ، ھەروەھا رووناکیمان دەداتێ ، ھەمووشمان تیشکی خۆرمان دیتووە ، کاتێ کە لـەژوورێك دانیشین رۆژ ھـەڵاتبێ‌و ژوورەکـەشس پەنجەرەی کـرابێتەوە ، تیشکی خۆر دەبینین تاڵ تاڵ دێتە ژوورێ ٠

دایکم حەز بەتیشکی خۆردەکات و ھەموو بەیانی‌یەك پـەنجەرەکانی ماڵەوە دەکاتەوە بۆ ئەوەی تیشکی خـۆر بێتە ژوورێ ٠ ھەمیشە دەڵێ :

« تیشکی خـۆر میکرۆبی نەخـۆشی‌یەکـان دەکوژێت »

## لێکدانەوەی ووشەکان :

خـۆر : ڕۆژی ئاسمان •
تـاڵ : داو
سەرهەڵبڕە : سەرت بەرزبکەوە •
بـەتـاو : بەهێز •

## ڕاهێنـــان

یەکەم ــ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە :

١ ــ کە ڕۆژ هەڵات دنیا چی لێ دێت ؟
٢ ــ دایك بۆچی پەنجەرەکان دەکاتەوە ؟
٣ ــ تیشکی خۆر سوودی چی یە ؟

دووەم ــ نیشانەی (✓) لە بەردەم ئەو ڕستەیەدا دابنێ کە بە ڕاستی دەزانیت •

(   ) سەرما بە هاوین زۆر دەبێت .
(   ) خـۆر گەرمیو ڕووناکیمان دەداتێ .
(   ) تیشکی خۆر میکرۆب دەکوژێت •
(   ) ڕووناکیی خۆر لەشەویشدا زۆرە .

# زستانی کوردستان



هەموومان دەزانین کە ساڵ بریتی‌یە لە چوار وەرز :
بەهار ، هاوین،پایز ، زستان •
بەهار سەری ساڵەو سەرەتای ژیانەوەی دارو درەختو گژوگیایە • هاوین هەوا گەرم دەبێتو میوە پێ دەگاتو دەغڵو دان دەدوورێتەوە • لە پایزدا بەرهەمی ساڵ کۆ دەکرێتەوەو ئازووخەی زستان ڕێك دەخرێت •

کوردستان کە زوربەی خاکەکەی شاخاوی‌و کوێستانە ، لە زستاندا هەوای سارد دەبێتو بەفری لێ دەبارێت ، شاخەکانی بەرگێکی سپی‌ی بێ گەرد دەپۆشن‌و خەڵکی لە ترسی سەرما جلی گەرم لەبەردەکەن‌و کاتێ لەماڵ چوونە دەرەوە خۆیان باشی دەپێچنەوە •

زستان سەرەڕای ئەوەی ساردو سەرمایەو بەفر ڕێگای سەیرانو چوونە دەرەوە دەگرێت زۆر شتی خۆشی تێدایە • دوای بەفر بارین شێرە بەفرینە دروست دەکەینو لەگەڵ هەواڵەکانماندا شەڕە تۆپەڵ دەکەین • شەوان لەماڵەوە دادەنیشین دوای نووسینەوەی دەرسەکانمان گوێ لە چیرۆکە خۆشەکانی داپیرەمان دەگرینو ، پاشانیش شەوچەرەی مێوژو گوێزو گەزۆ دەخۆینو لەناو نوێنی گەرمدا دەنووینو خۆمان بۆ کارو خوێندنی سبەینێ ئامادە دەکەین •

## لێکدانەوەی ووشەکان :

بریتی یە : پێك دێ

زۆربەی : بهترین

خاك : ئاخ

شاخ : چیا ، کێو

ئامادە دەکەین : کاردکین

کۆدەکرێتەوە : دێتە کۆم کرن

دەپۆشن : دنخێڤن

بێ گەرد : بێ تۆز

# پرسـیار

١ ـ ساڵ لە چەند وەرز پێك دێت ؟
٢ ـ وەرزی بەهار چۆن دەبێت ؟
٣ ـ خاکی کوردستان لە بەهاردا چۆنە ؟
٤ ـ لەزستاندا بۆچی ڕێگای سەیران دەگیرێت ؟
٥ ـ شێرە بەفرینە چی‌یە ؟
٦ ـ لەشەوی زستاندا پێش نووستن چی دەخورێت ؟

٧- ئـەم ڕستانەی خوارەوە بـەڕاستیو بە هێڵێ بـە یەکتریان بگەیەنە ٠

| | |
|---|---|
| ساڵ بریتی‌یە لە | دروست دەکـەین |
| لە پاییزدا بەرهەمی ساڵ | چوار وەرز |
| شێرە بەفرینە لە زستاندا | گوێزو مێوژوگەزۆ |
| شەوچەرە بریتی‌یە لە | کۆدەکرێتەوە |

**٨ ـ ئەم ووشانەی خوارەوە بخوێنـەوە ٠**

شاخوداخ : مێوژو گوێز
بەردو هەرد : شێرو مێر
شوانو گاوان : تیرو کەوان

# شێوازی ئاخاوتن

باوکێك ئامۆژگاریی کوڕەکەی خۆی دەکرد دەی گوت: ڕۆڵەی خۆم : ئەگەر لەکۆڕێك دانیشتیت کەم بڵێو زۆر ببیستە ، ئەگەر ویستت قسە بکەیت ، قسە بەکەس مەبڕە ، چاوەڕوانی ئەوەبە تا نۆرەی تۆ دێتو خەڵکەکە هەموو گوێت لێ دەگرن .

جا کە قسەت کرد درێژەی پێ مەدە ، چونکە ئەوەی زۆر بڵێ هەڵەش زۆر دەکات ، با قسەکانیشت ڕوونو ڕەوان بن ، دەنگت بەدەرەوە بێتو راوێژت خۆشو گفتت شیرین بێت بۆ ئەوەی دڵی خەڵکەکە ڕابکێشیتو کاریان تێ بکەیت . ڕۆڵەی خۆم ؛

ئەگەر یەکێك قسەی بۆ کردیت هۆشی بدەیە وچاك گوێی لێ بگرە ، بەشتی ترەوە خۆت خەریك مەکە ، چونکە چاك گوێ لێ گرتن بەڵگەی پەروەردەی باشو ڕەووشتی پێ گەیشتووە .

## لێکدانەوەی ووشەکان :

ئاخـاوتن : قسەکردن
بیستە : گوێی لێ بگرە
راوێـژ : شێوەی قسەکردن
گفت : ووتە
شـێواز : رێوشوێنو ئاداب ·

## ڕاهێنـــان

یـەکەم : نیشانەی ( ✓ ) لەبەردەم مەبەستی تـەواودا دابنێ :

١ ـ ئەگەر یەکێك قسەی بۆ کردیت :

( ) کتێب بخوێنەوە ·
( ) رووی تێ بکەو گوێی بدەیە ·
( ) لەگەڵ هاورێیەکەتدا ئاخاوتن بکە ·
( ) قسەکەی پێ ببڕە ·

٢ ـ ئەگەر قسەت بۆ یەکێك کرد :

( ) زۆر بلێ ·
( ) دەنگت بەرز کەوە ·
( ) بەدەنگێکی لەسەرخۆی بەدەرەوە قسە بکـە
( ) قسەی ئاڵۆزی بۆ بکە ·

دووەم : ئەم وەتوویژە تەواو بکەو لەگەڵ هاوڕێیەکتدا بە دوو قۆڵی گفتوگۆ بکە بەمەرجێك شێوازی ئاخاوتن پەیڕەو بکەن .

ئازاد : ڕۆژباش .          سەربەست : .....

ـــ : بۆ کوێ دەچیت ؟          ـــ : .....

ـــ : ئەوە چیت پێیە          ـــ : .....

ـــ : لە قوتابخانە چی فێردەبیت ؟ ـــ : .....

ـــ : قوتابخانەی خۆت خۆش دەوێ؟ ـــ : .....

ـــ : بۆچی قوتابخانەی خۆت خۆش دەوێ ؟          ـــ : .....

سێیەم : بە خەتێکی خۆش بنووسە :

قسە هەزارە چواری بەکارە .

# ژیری بە گەورەییو بچووکی نی‌یە



ڕۆژێك لە ڕۆژان شێرێك گەڕایەوە لانەکەی خۆی دیتی مشکێکی بچوك دەسوورێتەوە بۆ ئەوەی شتێك بدۆزێتەوە بیخوات • کە مشکە بچکۆلە چاوی بە شێرەکە کەوت لەترسان دەستی بە لەرزین کرد،وای زانی شێرەکە دەی‌خوات • بەلام شێرەکە ئازاری نەداو گوتی :

«مەترسە نات‌خۆم»

مشکەکە زۆر سوپاسی لێ‌بووردنو دل نەرمی‌ی شێرەکەی کردو لانەکەی بەجێ هێشت •

پاش چەند ڕۆژێك مشكەكە كـە دیتی وا شـێرەكە كەوتووەتە ناو تۆڕی نێچیرەوانێك ٠ چووە لای شێرەكەو پێ‌ی گوت :

«گەورەم ڕێم بـدەن تا تۆڕەكـە ببڕم‌و ڕزگارتـان بـكەم» ٠

شێرەكە گوتی :

«پێویستم بە هاوكاریی تۆ نی‌یە ٠ بـەهێزی خـۆم دەی پسێنم» ٠

مشكەكە لەلایەكەوە وەستاو دیتی شێرەكە خەبات دەكات بۆ ئەوەی خۆی لە تۆڕەكە ڕزگار بكات ٠

پاش خەباتێكی زۆر شێرەكە نەی‌توانی خۆی ڕزگار بـــكات ٠

مشكەكە دیسان چووە پێشی‌و گوتی .

« ئەگەر هێزو توانای خۆت بە كەڵكت نەهات باشی‌و دڵ نەرمیت بە هاوارتەوە دێت » ٠

ئینجا دەستی كرد بە كرتاندنی تۆڕەكە تا هەموری بڕی ٠ شێرەكە زۆر سوپاسی كرد كە پاداشتی‌چاكەكەی دایەوەو گوتی :

«ڕاستە ژیریی بە گەورەیی‌و بچووكی نی‌یە» ٠

## لێكدانەوەی ووشەكان :

گەورەیی: مەزناهی
هاوكاری : ئاریكاری ، یارمەتی
نەیتوانی: نەشیا
لانە : بێشە
بكرتێنم : ببزدێنم

## ١ ـ پرسیار

١ ـ شێرەكە لە بێشەكەی خۆیدا چی دی ؟
شێرەكە لە لانەكەی خۆیدا . . . . بچووكی دی .
٢ ـ مشكەكە چی دەكرد ؟
مشكەكە دەگەڕا بۆ ئەوەی . . . . . . بیخوات .
٣ ـ مشكەكە لەبەرچی دەلەرزی ؟
مشكەكە لە . . . . . . دەلەرزی .
٤ ـ مشكەكە چی بە دڵداهات ؟
مشكەكە بە دڵیدا هات كە شێرەكە دەی . . . . . .
٥ ـ شێرەكە دەی توانی خۆی لە تۆڕەكە ڕزگار بكات ؟
نەخەیر . . . . . . توانای نەبوو . . . . . . لە
تۆڕەكە ڕزگار بكات .

٦ ـ مشکەکە چی ی کرد ؟
مشکەکە دەستی کرد بە . . . . . . . . تۆڕەکە.

## ٢ ـ ڕاهێنـــان

### ئەم ڕستانە بنووسەوە :

١ ـ وای زانی دەی خوات
٢ ـ وای‌زانی براکەیەتی
٣ ـ وای‌زانی نەهاتووە.
٤ ـ وای‌زانی جەژنە
٥ ـ وای‌زانی چاکە
٦ ـ وای‌زانی باوکێتی

# ســـەیران



ڕۆژانی هەینی‌و جەژن ، زۆربەی خەڵکی شار لەماڵ دێنە دەرو بۆ دەرەوە دەچن ٠ لەژێر دارو ناو سەوزەگیای قەراخ ئاودا جێگا ڕادەخەن‌و خواردن دروست دەکەن ٠ هەتا ئێوارە بە یاری‌و گۆرانی‌و خۆشی ڕادەبوێرن ٠ ئەو رابواردنە پێی دەڵێن سەیران ٠

سەیرانی ئێستا بریتی‌یە لەگەڕان‌و نان‌خـواردن‌و گوێ لە ڕادیۆ گرتن ٠ بەڵام ســاڵانی پێشوو ســەیرانی کوردستان جۆرێکی تـر بـوو ٠ دەستە دەستە خـەڵک کۆدەبوونەوە ٠ ژنان هەڵپەڕکێیان دەکردو پیاوان بـە یاری تۆپێن‌و کەوشەکۆ سێ‌بازەوە خەریک دەبوون ٠



بەتایبەتی لەسەرەتای بەهارانی هەموو ساڵێکدا پاشا پاشایێن یا میرمیرێن ڕێك دەخرا .

خەڵك بە تێکرایی لە شار دەردەچوون . لەناو خۆیاندا یەکێکیان بە (پادشا) یا بە (میر) هەڵدەبژارد . دەستێك بەرگی پاشایانەیان لەبەر دەکرد . وەزیروپیاو ماقووڵو کاربەدەستو پۆلیسیان بۆ دادەنا . ئەم میرە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی هەبوو .

## لێکدانەوەی ووشەکان :

گۆرانی : ستران
جۆرێکی تر : ناوایەکی تر
سێباز : سێگاف
رەنگاوڕەنگ : ڕەنگین

# پرسیار

' ـ ڕۆژانی هەینیو جەژن خەلکی شار بۆ کوێ دەچن؟
١ ـ یاری یەکانی کوردی کە لە کاتی سەیراندا دەکرێن بیان ژمێرە •
٣ ـ کە پادشایان هەڵ دەبژارد چی یان بۆ دادەنا ؟
٤ ـ لەم ووشانەی خوارەوە ڕستەیەك پێك بهێنە :
دەکەن ، مندالآن ، یاریی ، بەتۆپ •

# ژیـانی لادێ



ژینی لادێ سەیرانە
گەرچی تۆزێك گرانە
ڕۆژی نەورۆز سەری ساڵ
دەکەونە ئیش کوڕو کاڵ
یا جووت یا جۆگەهێنان
بۆ ئاو داشتن دەغڵو دان
یا داربڕینی شاخە
یا خۆ پەرژینی باخە
یا تووتنە یا درەو
ناوەستن بە ڕۆژو شەو
یاگێرە یا شەن کردن
هەڵمەت بۆ فرمان بردن

فەرقی نی یە نێرو مێ
هەرچی دانیشتووە لە دێ
گشت خەریکی فرمانن
بۆ دەس هێنانی نانن
تا تەواو ئەبێت هاوین
تێ ئەکۆشن زۆر بەتین

- قانیع -



## لێکدانەوەی ووشەکان :

لادێ : گوند ، دێ
ئاو داشتن : ئاڤدان
درەو : دوورینی
شەن : هەلاڤیتن ، دان بەبا
خەریك : مژویل
تێدەکۆشن : خەباتێدکن

## پرسـیار

هەڵبەستەکە بخوێنەوەو وەڵامی ئەم پرسـیارانە بدەرەوە :

١ ـ بۆچی ژینی لادێ گرانە ؟

٢ ـ چەند ئیش و کارێکی لادێ بژمێرە ٠

٣ ـ لادێیی یەکان بە چی یەوە خەریکن ؟

## ڕاهێنـــــان

ساڵ لەچوار وەرز پێکهـاتووە کـە یـەك بـە دوای یەکدا دێن ٠ ئایا وەرزەکان بەم جۆرەن :

١ ـ زسـتان

٢ ـ هـاوین

٣ ـ بەهـار

٤ ـ پایـز

ئێمە لە ( لادێ ، شار ) دەژین ٠
ڕۆژی نەورۆز ( سەری ، کۆتایی ) ساڵە ٠
جوتیار ( گێرە ،دروومان ) دەکات ٠
نیشانەی ( ✓ ) بەسەر ئەو وشەیدا بهێنەکە ڕاستە ٠

# پەز



مام خدر باخەوانی چاکە ، حەز لە گوڵو دارودرەخت دەکات . لەباخەکەیدا هەموو جۆرە مێوەیەك هەیەو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ ڕوواوە .

ڕۆژێك دوومەڕ لەمەڕەکانی کاك ڕۆستەم هاتبوونە ناوباخی مام خدرەوەوهەندێك گوڵیان لێتێكدابوو. مام خدر بەمە توورە بوو چوو گازاندەی لەکاك ڕۆستەم کردو پێی گوت :

ــ من نازانم ئەم پەزانەی تۆ سوودیان چی یە؟ بۆ وازیان لێناهێنی ؟ بۆ نایەی وەکو من ببی بە باخەوان ،

هەمیشە لەنێو گوڵو چیمەنو باخو دارستاندا بژیتو کام میوەی خۆشە بیخۆیت ؟

کاك ڕۆستەم وەڵامی دایەوە :

ـ مام خدر پەزەکانی من ئەگەر سوودیان لە درەختەکانی تۆ زیاتر نەبێت کەمتر نی‌یە • با پێت‌بڵێم: مەڕەکەی من دەزێ ، بەرخێك یا دوانی دەبێت • شیری هەیە دەیدۆشین • لە شیرەکەی ماستو دەلەمەوپەنیرو فەریکە ڕۆنو شیرێژو کەشكو گەلێك شتی تر دروست دەکەین • هەموو ساڵێك مەڕەکانم بە جەو دەبڕمەوەو لە خوری‌یەکانیان ئەم شتانە دروست دەکرێت : شاڵی ڕانكو چۆغە ، فەرەنجی ، پەستەك ، گۆرەوی‌و لەپك ، بەرماڵو جاجمو پۆپەشمین ، بەڕەو مافوور ، تێڕو خورجو گەلێك پێویستی تری ناوماڵ • ئەگەر حەزمان لە گۆشت کرد سەری دەبڕین و جگە لە گۆشت سەرو پێ‌وسی‌و جگەرەکەشی دەخۆین • ئەمجا پێستەکەی دەکەین بەبەری کورکی زستانان یا دەیکەین بە مەشکەو کوندەو هەمبانە • دەهۆڵو دەفو قایشو قورووشی زینی ووڵاخیشی لێ دەکرێت • کەواتە

پەزەکانی من بێ‌سوود نین و هێجگار بەکەلکن •

مام خدر پێ کەنی و گوتی : باشە کاک ڕۆستەم ، ئەوا زانیم پەز سوودی زۆرە ، بەڵام مەهێڵە بچنە ناو گوڵەکانی من •

کاک ڕۆستەم لە وەڵامدا گوتی :

سوەی بەسەر هەر دوو چاوم

## لێکدانەوەی ووشەکان :

پەز : مەڕ

فەریکە ڕۆن : نیڤشك ، کەرە

ڕانكو چۆغە : شالوشەپەك

شاڵ : بەلکویز

فەرەنجی : کەپەن

پەستەك : کەرك

لەپك : دەستگۆر

گازاندە : گلەیی

جەو : قەیچی ، برك ، مقەست

لەپك : لەپانك ، دەستکێش

هەمبانە : هەمانە

## پرسیار

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە :

١ ـ ئەو شتانەی لە خوری دروستدەکرێن چین بیانژمێرە • بۆچیش بەکاردێن باسیان بکە •

٢ ـ شیری مەڕ سوودی چی یەو ، چی لێ دروست دەکرێت ؟

٣ ـ لە کوردەواریدا ئەگەر یەکێك هێمنو بێدەنگ بێت چی پێدەڵێن ؟

٤ ـ ئایا پێستەی مەڕ بەکەڵك دێت ؟

## ئەرکی ماڵەوە

بۆ وانەی ئاینده هەریەکە باسی یەکێك لەوگیاندارانە بکات سوودیان هەیە بۆ مرۆڤ •



## بەرخەکەم

« گۆران »

ئەی بەرخۆلەکە     بۆ هەر کوێیەك چووم
نەرمو نۆڵەکە     تۆیش وەرە لە دووم
سپیو خڕپنی     ئەتلەوە ڕێنم
وەك کڵۆی لۆکە     هەر وەکوو بێچووم

x x x     x x x

دەستەمۆو چەشی     وەرە خلە خل
فێرە باوەشی     بچۆ نەرمو شل
دەنگی باڕە خۆش     بباڕێنە باع
جوانو چاو ڕەشی     بەرخی چاو بە کل

XXX

لێکدانەوەی ووشەکان :

کلـۆ : پارچە
چەش : تام کردوو
هەر کوێیەک : هەر جێیەک
بێچوو : بەچکە ، ساوا
خلە خل : خل بوونەوە ، گلۆربوونەوە

## پرسیارو راهێنان

١ ـ بەرخۆلەکە چ رەنگە ؟ ئەی چاوی چ رەنگە ؟
٢ ـ ئەم دارشتانە بخوێنەوەو لە شێوەی ئەوان تۆش چەند دارشتەیەک بڵێ :
خلە خل
شنە شن
بارە بار

# چەند بەندێک
# لە بەندەکانی مافی مرۆڤ

## بەندی ١

هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایک دەبن و یەکسانیشن لە نرخ و پایە و مافدا،عەقلْ و ویژدانیان پێ بەخشراوە و دەبێ بەرۆحێکی برایانە رەفتار و هەلْسوکەوت لەگەلْ یەکدیدا بکەن.

## بەندی ٢

١. هەموو مرۆڤێک بە بێ هیچ جیاوازییەک وەکو جیاوازی بە هۆی رەگەز،رەنگ،جنس،زمان،ئایین،بیروڕای سیاسی یان هەر رایەکی دیکە و بنەچەو بنەمای نیشتمانی، کۆمەلْایەتی ،دارایی و لە دایکبوون یان هەر شتێکی دیکە، شیاوی سوود وەرگرتنە لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم جاڕنامەیەدا هاتوون.

٢. سەرەڕای ئەوانەش نابێ پایەی سیاسی،قانوونی یان نێو نەتەوەیی ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیەی کە مرۆڤەکەی لێوە دێت، بکرێتە بناغەی هیچ جۆرە جیاوازییەک،ئیدی ئەگەر ئەو وڵاتە یان ئەو ناوچەیە سەر بەخۆ بوو یان لە سایەو لە ژێر چاوەدێریدا بوو یان خاوەنی ئۆتۆنۆمی نەبوو یان سەروەری و سەر بە خۆییەکەی گرێدراوی هەر چەشنە مەرج و بەندێک بوو.

# بەندی ٣

هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

---

# بەندی ٥

هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجە و سزا نادرێت و رەفتاری توند و تیژو دڕندانەو ناڕەوا بەری لە گەڵدا ناکرێت.

---

# بەندی ٦

هەر کەسێک لە هەر شوێنێک بێت، مافی دانپێدانانی کەسایەتی قانوونی هەیە.

---

# بەندی ٩

هیچ مرۆڤێک نابێت بە شێوەیەکی رەمەکی بگیرێت،دەست بەسەر بکرێت یان دوور بخرێتەوە .

---

# بەندی ٢٠

١. هەموو کەسێک مافی ئازادی و بەشدار بوونی کۆمەڵە و دەستە و تاقمە ئاشتیخوازەکانی هەیە.

٢. نابێت هیچ کەسێک بۆ چوونە ریزی هیچ کۆمەڵەیەکەوە ناچار بکرێت.

# دوو مێشوولە



دوو مێشوولە سەریان بە یەکدا کردبوولەگەڵ
یەك دەئاخافتن ٠

مێشوولەی یەکەم : لە کوێوە دێیت ؟
مێشوولەی دووەم : لە شارەوە دێم
مێشوولەی یەکەم : هیچت دەست کەوت ؟
مێشوولەی دووەم : ئەدی چۆن ؟ خوێنی سێ کەسانم
مژی و هەر سێکیانم تووشی
ئاساغی ی لەرزوتا کرد ٠

مێشوولەی یەکەم ـ هەروەها بە ئاسانی ؟
مێشوولەی دووەم : ئەرێ ٠ ٠ بە ئاسانی چی ؟



لەوانە بوو تووشی هەزار ناخۆشی
ببم • سەرم بەماڵێکدا کردپەنجەرە
کەی تەلبەندکرابوو • بۆماڵێکی تر
چووم ئـەویش دەرمانیـان پێـوە
کردبوو وەخت بوو بێهۆش ببم •
بۆ ماڵیکی تر چووم لەناوکـوللەدا
نووسـتبوون •
مێشوولەی یەکەم : پاشی ؟
مێشوولەی دووەم: دوایی گەڕام • • گەڕام تا ماڵێکی
دیکەم دۆزییەوە • تەماشام کـرد

سێ‌چوار کەسی تێدا نووستبوون ،
نە تەلبەندو نە دەرمان‌و نە پەردە
کوللە .
بێ تـۆش ناخـۆش تێروپـڕ
خوێنەکەیانم مژی .
مێشوولەی یەکەم : نۆشی گیانت بێــت ، بــەڵام نــەت
بیستووە چی قەوماوە ؟
مێشوولەی دووەم : چی بووە ماڵ وێران ؟
مێشوولەی یەکەم : دوێنی چــوار پێنــج پزیشــك بــە
دەرمـــــان ووردو درشـــــتیان
لەناوبردین . بەڵام باش بوو مـــن
بەر نەکەوتم .
مێشوولەی دووەم : ئەی هاوار هــەی ! کــەواتە بــەم
زووانە هەموو بــڵاو دەبینەوە . .
جا بەبێ خوێن مژی بەچی بژین ؟

هەردوو مێشوولە ماوەیەك بێدەنگ بوون . پاشان بڕیاریان‌دا کە زەلکاوە زەهراوی‌یەکەیان بەجێ‌بهێڵن‌و بۆ زەلکاوێکی دوور بار بکەن . .

## لێکدانەوەی ووشەکان :

مێشوولە : پێشکە

دەناخافتن: گفتو گۆیان دەکرد

ماڵێکی دیکەم دۆزییەوە : من ماڵەکەی دیت

پزیشك : دوکتۆر

باربکەن : کۆچ بکەن

ئاسانی: ساناهی

زەلکاو : ئاوی گەنیو ، ئاڤەگەنی

## پرسیار

١ ـ دوومێشوولە سەریان بەیەکدا کردبوو ، چییان دەکرد ؟

٢ ـ مێشوولە زیانی چییە بۆ مرۆڤو کام نەخۆشی تووشی مرۆڤ دەکات ؟

٣ ـ چۆن لە مێشوولە خۆمان بپارێزین ؟

٤ ـ دوژمنی مێشوولە چییە ؟

٥ ـ پزیشك چۆن خزمەتی وولاتەکەی دەکات ؟

# ئـەركى مالـەوە

١ ـ ئەمانە زيانيان چىيە ؟

مێشووله ، زەلكاو ، مێش ، مشك،دزۆكە .

أ ـ كـرد .
ب ـ كـرد بوو .

تۆش ئـەم ووشـــانەى خـوارەوە وەك وێنـەى (ب) لىٚ بكـە :

گـرت
پاراست
بـرد
نوسـت
مـژى

# دراوسێیەتی ی چاك

• ئارام گوێی لێ بوو دایكو باوكی ووتوویژیان دەكرد :

باوك : دەبێ بەسەردان بچینە ماڵی دراوسێ تازەكەمان •

دایك : بەڵێ پێویستە ، چونكە دراوسێ هەقی بەسەر دراوسێوە هەیە •

باوك ـ راست دەكەی ، پێویستە لەسەرمان ، لە هەواڵی دراوسێی خۆمان بپرسین ، ئەگەر نەخۆش بوو بچینە لای ، لەشینوشاییدا لەگەڵی دابین ، هەر یاریدەیەكی ویست پێش كەشی بكەین •

دایك ـ هەتا لە ناوماڵی خۆشماندا دەبێ ئاگامان لە دراوسێ بێت ، نابێ بە دەنگو هەراو هاواری بڵند بەستیان بكەینو ئارامیان لێ هەڵبگرین •

باوك ـ پێغەمبەریش سەڵاتو سەلامی خوای لێ بێ رای سپاردووین كە دراوسێی چاك بین و داوای لە موسڵمانان كردووە كە دراوسێی خۆیان خۆش بووێت و بەجوانیو بە چاكی رەفتاریان لەگەڵ بكەن و هەروەكو ئەندامانی خێزانی خۆیان سەیریان بكەین •

ئارام کە ئەم ووتو وێژە بە کەڵکەی بیست ، بڕیاریدا ئەم جارەش بۆ هاوڕێیانی قوتابخانەی خۆی بگێڕێتەوە ، تا ئەوانیش لەم قسە بەکەڵکانەو لەم ئامۆژگارییانەی دایكو باوکی ئەو سوود وەربگرنو لە ژیاندا پێڕەویان بکەن .

## لێکدانەوەی ووشەکان :

دراوسێ : هاوسێ ، ماڵاوسێ ، جیران
ئارامیان لێ هەڵبگرین : پەستوبێزاریان بکەین .
بەکەڵك : بەقازانج ، بەنرخ .
پێڕەویان بکەن : لەسەریان بڕۆن ، چاو لەوان بکەن

## ڕاهێنان

یەکەم وەڵامی ئەمانە بدەوە :

١ ـ ئەگەر دراوسێیەکەت نەخۆش بوو چی دەکەیت ؟

٢ ـ بۆچی دەبێماڵەکەمان ئارامو بێ‌هەرا بێت ؟

٣ ـ پێغەمبەر ( ص ) چی بە موسلمانان ڕاسپاردووە ؟

٤ ـ ئارام هەرجارە کە ئامۆژگاری‌یەکی لە دایکو باوکی گوێ لێ دەبێت چ دەکات ؟

دووەم ـ ئەمانە تەواو بکە :

١ ـ ئارام گوێی لێ‌بوو دایکو ‎. . . . .‎ ی وتوویژیان دەکرد .

٢ ـ دەبێ بچینە ماڵی ‎. . . . . .‎ تازەکەمان .

٣ ـ دەبێ لە هەواڵی دراوسێی خۆمان ‎. . . . . .‎

٤ ـ پێغەمبەر ( ص ) ڕای‌سپاردووین کە دەبێ دراوسێ ‎. . . . . . .‎ ببن ، یەکترمان ‎. . . . . .‎ بووێت .

سێیەم ـ ئەم پەندە بە خەتێکی خۆش بنووسەوە :

شین وشایی دەستەوایی

# نـاوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| | ٥ |
| لە سەرەتای ساڵەوە | ٧ |
| ڕەوشتی باش | ١٠ |
| چۆلەکەو مام ڕێوی | ١٤ |
| لەش ساغی | ١٧ |
| تۆپ تۆپێن | ١٨ |
| برایەتی کوردو عەرەب | ٢١ |
| خێزانەکەم | ٢٥ |
| پیتی چاپ | ٢٨ |
| باسوقو سجوق | ٣١ |
| هەرەوەز | ٣٤ |
| بووکە بەبارانە | ٣٧ |
| هێز لە یەکێتی دایە | ٤١ |
| کۆترو مێرووولە | ٤٥ |
| دایک | ٤٧ |
| دەست پاکی | ٥١ |
| پردی دەلال لە زاخۆ | ٥٤ |
| تەلەفۆن | ٥٧ |
| کونێرە | ٦١ |
| خۆر | ٦٣ |
| زستانی کوردستان | ٦٦ |
| شێوازی ئاخاوتن | ٦٩ |
| ژیری بەگەورەیی و بچووکی نییە | ٧٣ |
| سەیران | ٧٦ |
| ژیانی لانق | ٧٩ |
| پەز | ٨٣ |
| بەرخەکەم | ٨٥ |
| ئایا دەزانیت ؟ | ٨٧ |
| دوو مێشوولە | ٩٢ |
| دراوسێیەتی چاک | ٩٥ |

- بەزۆر فێرکردن ، ڕزگار کردنی مرۆڤە •

- گەلی خوێندەوار ، گەلێکی پێش کەوتوە •


- فێربوون ئەرکێکی نیشتمانیو مرۆڤایەتی پیرۆزە •

- زاڵبوون بەسەر نەخوێندەواریدا ،زاڵ بوونە بەسەر دواکەوتندا •

- زانست ڕووناکی یە ، نەخوێندەواری تاریکی یە •

- زاڵ بوون بەسەر نەخوێندەواری‌دا زاڵ بوونە بەسەر هەژاریو نەزانینو نەخۆشی •

- کۆمەڵی خوێندەوار ، کۆمەڵێکی پێش کەوتوە •



دیاری بۆ منداڵانی کوردستان
لە لایەن
ئەنستیتووی کورد لە پاریس و فۆنداسیۆنی فەرەنسا-ئازادی و
جووڵانەوەی کرێکارانەی نەرویجی